# زمانی کوردی و چەند نیگەرانییەک...

فەهمی کاکەیی
fahmikakaee@yahoo.se



زۆر سەیرە، ئەمڕۆکە وای لێ هاتووە بە ترسەوە باسی ئەلفبێ و زمانی یەکگرتووی کوردی بکەیت، ترسی ئەوەی ئەگەر باسی ئەلفبێی کوردی بکەیت (ئەوەی من ئەم گوتارەی پێ دەنووسم) ئەوە تۆمەتی ئیخوانوموسلمین دەخەنە پاڵت (با کاکەییش بیت). ترسی ئەوەی ئەگەر باسی زمانی یەکگرتوو بکەیت، (دیسان پێم وایە ئەوەی من ئەم گوتارەی پێ دەنووسم) ئەوە تۆمەتی سۆرانییەرستیت دەخەنە پاڵ (با ماچوزوانیش بیت)*. خۆ ئەگەر خوانەخواستە لە شوێنێکدا زمانت تەتەڵە بکات و قسەیەکی ناشیاو لە دەمت دەرچێت، ئەوە لە جیاتی بە دادگایی گەیاندنی هەموو کۆنە جاش و ئەنفالچی موستەشار و جاسووسە کوردەکانی ڕژێمی پێشوو، نووسەرێکت لێ پەیدا دەبێت و داوا دەکات دادگایی بکرێیت، (با پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانیش بیت). ئەرێ بە ڕاست، ئەو خزمەتەمان کوێوە چوو؟!

من هەوڵ دەدەم ئەم گوتارەم بە شێوەیەک دارێژم تەنات ئەوانەی ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتی زمانەوانیشیان نەبێت، هەر بیخوێننەوە. ئەمە یەکێکە لە هونەرەکانی نووسین، کە نووسەر بابەتی خۆی بە شێوەیەک دارێژێت بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکات لە خوێندنەوەی بابەتەکەی بەردەوام بێت.

لەو ڕۆژانەدا هاوڕێیەکی خۆشەویستم ئاگاداری کردمەوە کە لە فلانە کەناڵی کوردیدا باسی زمانی یەکگرتوو و کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردە دەکرێت، منیش گوتم با تەماشایەک بکەم بەڵکو سوودێکم پێ بگات و شتێکی نوێ فێر بم. کە تەلەفیزیۆنەکەم پێ خست دیار بوو خودان بەرنامە دووا پرسیاری لە میوانەکەی دەکرد:

- باشە چی دەبێت ئەگەر هەر خودان زاراوەیەک بە زاراوەکەی خۆی بخوێنێت، ئەوە نییە لە سویسرا بە ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی دەخوێنن؟**

لە دڵی خۆمدا گوتم: (دۆشاو بە گونت، دیارە تا ئێستا جیاوازیی نێوان زمان و زاراوە ناکەیت).

خوا قەبووڵ ناکات، میوانی بەڕێز گوتی:

- ئەگەر ئەو کارە بکەین مەترسیی ئەوە هەیە لە داهاتوودا ببین بە چەند میللەتێک.

نەگبەتیی ئێمە لەوەدایە ئەمڕۆکە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی باسی زمان دەکەن فریان بە سەر زمانەوە نییە، تەنانەت گوتاری یەکبەرماڵیت بۆ دەنووسن بە بێ خاڵبەندی (بێ ئەوەی خاڵ و وێرگوڵ و نیشانەی پرسیار و نیشانەی سەرسووڕمان دانێن)، خەڵکینە توخوا ئەمە هونەر نییە؟ بێگومان هونەرە، چونکە ئەمە دەق وەک ئەوە وایە کەسێک چارەکە سەعاتێک قسان بکات بە بێ ئەوە هەناسە وەربگرێت. من کە ئەم جۆرە نووسینانە دەبینم قسەیەکی کاک حەمەسەعید حەسەن دێتەوە یادم کە دەڵێت: ئەمڕۆکە ئەوەی کۆمپیوتەرێکی هەبێت و پیتی کوردیی دابەزاندبێت و بتوانێت پێی بنووسێت خۆی لێ بووە بە نووسەر.

من بەش بە حاڵی خۆم لە ساڵی (1971)ەوە زمانی کوردی دەڵێمەوە، تا ئێستاش ناوێرم خۆم بە زمانزان لە قەڵەم بدەم. ئەمڕۆکە بە هۆی ئینتەرنێتەوە نووسەر بە نووسەر دەڵێت:باڵەک. باوەڕ بکەن ئەگەر هەلومەرجی نووسین ڕەچاو بکرێت لە سەد گوتار مەگەر یەکێکیان دەرچێت، خۆ هەندێ ماڵپەڕە هەن وەک چاخانەیان لێ هاتووە.

جارێکیان یەکێک لە قوتابییە کۆنەکانم تەلەفۆنی بۆ کردم و پرسیاری ئەوەی کرد ئەگەر بیەوێت کوردییەکەی خۆی بەهێز بکات، چی بخوێنێتەوە؟ یەکەم ئامۆژگاریم ئەوە بوو کە هیچ بابەتێکی ئینتەرنێت نەخوێنێتەوە ئەگەر نووسەرەکەی وەک نووسەر ناسراو نەبێت. هەرچەندە من دەزانم بابەتی باشیش هەن و نووسەری باشیش هەن، بەڵام جیاکردنەوەی ئەو بابەت و نووسەرانە بۆ ئەو کارێکی هێندە ئاسان نەبوو.

شەو درەنگە، گوتم با سبەینێ ئەم گوتارە تەواو بکەم، بەڵام با تەماشایەکی سەرنووچەکان بکەم بەر لەوەی بخەوم، دەبێنم بەڕێز مام جەلال گوتوویەتی: **أعتز بكرديتي لكن عراقيتي هي الأولى. (واتە: شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، بەڵام عراقیبوونم لە پێشدا دێت)**
پەککووو، ئەوجا وەرە خەوت لێ بکەوێت!
بەڕێزم! مام جەلال! کەس داوای لێ کردووی قسەی وا بکەیت و خەومان لێ تاڵ بکەیت؟ کەس گلەییت لێ دەکات ئەگەر قسەی وا نەکەیت؟ سبەی ماوەی سەرۆک کۆماریت تەواو دەبێت، هەنگین چ دەڵێیت؟

جا لەبەر ئەوەی ناوی مام جەلال هاتە نێو ناوان و حەز ناکەم تۆمەتێکی دیکەشم بدەنە پاڵ، با باسێکی بەڕێز کاک مەسعوودیش بکەم. لەو ڕۆژانەدا (هەر دەربارەی زمانی یەکگرتوو) لە هەفتەنامەی (هەواڵ) ئەم هەواڵەم خوێندەوە:

**لەسەردانەکەی شاندی مامۆستایان بۆ لای سەرۆکی هەرێم، بارزانی نیگەرانی خۆی لە میوانەکانی کۆنگرەی پەروەردە دەربڕی.**
پاشانیش لە کۆتایی هەواڵەکە نووسراوە: **سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆنگرەو لەسەردانەکەی وەفدی مامۆستایان بۆ لای سەرۆکی هەرێم بۆ (هەواڵ) جەختی لەسەر ئەوە کرد کە نیگەرانیەکەی سەرۆک لەو میوانانە تەنها لەبەر دەربرینی راکانیان بووە لەسەر زمانی ستاندار.**
(دەقی هەواڵەکەم بە ڕێنووسی هەفتەنامەی هەواڵ نووسیووە)

ئەوەی کاک مەسعوود بناسێت و ئەوەی نەختێک شارەزای عیلمی مەنتیق بێت نابێت باوەڕ بەم قسەیە بکات، چونکە هەرگیز بە عەقڵەوە ناچێت کە کاک مەسعوود تەنێ لەبەر ڕادەربڕینی چەند نووسەرێک دەربارەی زمانی یەکگرتوو، نیگەران بێت. ئەگەر ئەم نیگەرانییە ڕاست بێت کەواتە لەمەودوا کەس ناوێرێت ئازادانە تەنانەت لە سەر مەسەلەکانی پەیوەندار بە زمانیشەوە، ڕای خۆی دربڕێت. ئەگەر ئەمە وا بێت، دیارە نیگەرانییەکەی کاک مەسعود ئێمەش نیگەران دەکات. بەڵێ، ڕەنگە کاک مەسعوود لە سەر چۆنیەتیی گفتوگۆ و باسکردنی زمانی یەکگرتوو نیگەران بووبێت، نەک تەنێ لە سەر ڕادەربڕین.

ئەمڕۆکە گەلێک هێرشی ناڕەوا دەکرێتە سەر ئەوانەی باسی ئەلفبێ و زمانی یەکگرتوو دەکەن، تەنانەت برێکی زۆری ئەو هێرشانە سنوور و یاساکانی نووسینیان بەزاندووە، چاکترە بەو جۆرە نووسینانە بگوترێت جنێونامە. ئەمانە هێندە دژایەتی زاراوەی یەکدی دەکەن، وەک ئەوەی زاراوەکەی دی لە زمانی دوژمنیش مەترسیدار بێت، بەڵگەشم ئەوەیە تەنانەت بە زمانی داگیرکەرانی کوردستانیش ئەو دوژمنایەتییە دەکەن. باوەڕ بکەن جیاوازیی زاراوەکان بەو شێوەیەش نییە و هەردوو زاراوەی سەرەکی (ئەگەر ئێمە خۆمان بمانەوێت) گەلەک لە یەکەوە نزیکن. من ئەم قسەیە لە شارەزاییەوە دەکەم و لە بەرکی خۆمم دەرنەهێناوە.

کەسێک دەسەڵاتی بە سەر زمانێکدا نەشکێت ناتوانێت شەڕی پێ بکات، یان جنێوی پێ بدات، دە تۆ بڕۆ لە گەڵ کابرایەک شەڕ بکە کە زمانەکەی نەزانێت، لە پڕ بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت دەبینیت یەک دوو جنێویشی بە کوردی پێ دەدەیت.

واته دەسەڵاتی تۆ (بە تایبەت لە کاتی تووڕەبووندا) زیاتر بەسەر ئەو زمانەدا دەشکێت کە زمانی خۆتە، هەر بۆیە بە زمانەکەی خۆت جنێو دەدیت، ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆیە هێنایەوە تاکوو بەشێکی جنێونامەیەک بخەمە بەر دەستی خوێنەران و ڕادەی لێکچوونی هەردوو زاراوەی کرمانجیی سەروو (کرمانجی) و کرمانجیی خواروو (سۆرانی) شرۆڤە بکەم.

لە جنێونامەیەکدا بە ناونیشانی : **کوردستان دەست ب پەروەردەیا کەمالیست و باسیست دکە**، لە نووسینی بەڕێز مووراد جوان (کە من دوو بڕگەی لێ دەکەمە کرمانجیی خواروو)، هاتووە:

بڕگەی 1

بە کرمانجیی سەروو:

**ئیدی ڕۆژا وێ هاتیيە کو کوردێن سۆرانینەئاخێڤ چ ل پەرچەیێن دن ئێن کوردستانێ بن، چ ژی ل کوردستانا ئازاد بن دەنگێ خوە ل هەمبەر ڤان سۆرانیپەرستێن کەمالیست ئوو باسیست بلند بکن ئوو بێژن (بەسە).**

بە کرمانجیی خواروو

**ئیدی ڕۆژی ئەوە هاتووە کە کوردی سۆرانینەئاخێو چ لە پارچەکانی تری کوردستان بن، چ لە کوردستانی ئازاد بن دەنگی خۆیان بەرامبەر ئەو سۆرانیپەرستە کەمالیست و بەعسیستانە بڵند بکەن و بێژن (بەسە).**

بڕگەی 2

بە کرمانجیی سەروو:

**لۆما ژی دڤێ سەرۆکێن*** کوردستانێ ڤان سۆرانیپەرستێن کەمالیست ئوو باسیست ڕاوەستینە، ڕێ ل بەر مناقەشە ئوو لێکۆلینەکا جدی ئوو زانستی یا د ڤی واری دە ڤەکە ئوو سیستەمێ پەروەردەیا کوردستانێ پشتی پرۆسەسەکا ئیلمی ئا لێکۆلین ئوو کۆنفرانسان ئاڤا بکە.**

بە کرمانجیی خواروو:

**هەر بۆیە دەبێ سەرۆکی کوردستان ئەو سۆرانیپەرستە کەمالیست و بەعسیستانە ڕاوەستێنێت، ڕێ لە بەر موناقەشە و لێکۆڵینەوەیەکی جددی و زانستی لەم بورەدا بکاتەوە و سیستەمی پەروەردەی کوردستان دوای پرۆسێسێکی عیلمی و لێکۆڵینەوە و کۆنفرانسان بنیات بنێت.**

ئەوەی گومانی تێدا نەبێت ئەوەیە کە نزیکەی 90% ئەو دوو بڕگەیەی بە کرمانجیی سەروو نووسراون هەر وەک کرمانجییە خوارووەکەیەتی، هەڵبەتە من هەوڵم داوە ئەوەندەی دەکرێت لێکیان نزیک بکەمەوە، لە لایەکی دیکەوە:

ژمارەی وشەکانی هەردوو بڕگە بە کرمانجیی سەروو دەکاتە: 73

ژمارەی وشەکانی هەردوو بڕگە بە کرمانجیی خواروو دەکاتە: 67

هۆی ئەم جیاوازییەش لە ژمارەی وشەکاندا ئەوەیە کە دەستەواژەیەکی وەک (یا د ڤی واری دە) بە کرمانجیی سەروو پێنج وشەیە کە دەیکەیتە کرمانجیی خواروو دەبێتە (لەم بوارەدا) کە دوو وشەیە، ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی ڕێنووس هەیە لەو دوو زاراوەیەدا.

باشە کە دوو زاراوە هێند لە یەکەوە نزیک بن، بۆچی دەبێت ئێمە بیکەینە گێرەوکێشەیەکی گەورە و شیر و تیران لە یەکدی تیژ بکەین و بیکەینە (شەڕی زاراوەکوژی)؟ ئاخر کەی ڕەوایە کوردێک بڵێت من دەمەوێت بە زاراوەکەی خۆم بخوێنم خوای دەکرد کورد دەبوو بە پەنجا میللەت. یان کەسێکی دیکە بڵێت: قەیدی چییە دەبینە فدرالی، واتە فدرالیی زاراوەکان.

برایەکی ئازیز دەڵێت چۆن دەبێت چل ملیۆن کورد بە زاراوەی شەش ملیۆن بخوێنێت؟
لە بەر ئەوەی ئەو برایە لە سوێد دەژیت، حەز دەکەم پێی بڵێم کە نۆ ملیۆن سوێدی بە زاراوەی خەڵکی شارۆچکەی شوێپینگ دەخوێنن کە لە 25 هەزار کەس کەمترن، مەسەلە وا باس ناکرێت، ئەمە کۆنفرانسێکی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانی سوێدم بیر دەخاتە کە نزیکەی 15 ساڵێک لەمەوبەر گیرا، لەو کۆنفرانسەدا کەسێک پێشنیازی ئەوەی کرد کە گۆڤاری فدراسیۆن بەشە (سۆرانی) یەکەشی بە پیتی لاتینی بڵاو بکرێتەوە، زۆر کەس پشتگیرییان کرد و هەندێکیش دژی بوون، لە دووایيدا ویستیان بیکەنە دەنگدان، بێگومان ئەوان زۆر بوون، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایە خەڵکێکی نەخوێندەواریش بۆی هەیە لە دەنگدانێکی وادا بەشداری بکات؟ هەڕەشەی دەرچوونە دەرەوەمان نەکردایە هەر لەوێ ئەو بڕیارە دەدرا. مەسەلە مەسەلەی کەم و زۆری نییە، مەسەلە زیاتر لەوە دەچێت کە تۆ تەلارێکی ڕێکوپێکت هەبێت بەڵام بتەوێت بیڕووخێنی و خانوویەک لە جێگەکەیدا درووست بکەیت کە نەزانی چۆن دەردەچێت، لێرەدا مەبەست لە ئەلفبێیە.

بەڵام خاڵێکی دیکەش هەیە، ئایا ڕاستە ئێمە بە زۆری زۆرداری زاراوەیەک وەک زمانی خوێندن بە سەر هەموو کورددا بسەپێنین بە بێ ئەوەی خودان زاراوەکانی تر ڕازی بن یان ئارەزووی خوێندنیان هەبێت بەو زاراوەیە؟ سەرەنجام چۆنی لێ بە سەر دێت، ڕەنگە هەندێک هەبن زمانی نەتەوەیەکی نەیار هەڵبژێرن و زاراوەکەی بە سەریاندا سەپێنراوە ڕەت بکەنەوە، نموونەی واشمان هەیە و ڕووی داوە.

لە ڕاستیدا دەبێت ئەم باسە گرنگە زیرەکانە چارەسەر بکرێت و تا ڕادەیەک دڵی هەمووان ڕابگیرێت، بەڵام نابێت ئەو دڵڕاگرتنە لە سەر حیسابی بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەی کورد نەبێت.

ماویەتی
سوێد
11-08-2007

* ماچۆزوان: ماچۆزمان، ئەوانەی بە زاراوەی ماچۆ قسان دەکەن، بەڵام بۆ لێرەدا دەگوترێت زمان؟ چونکە باوباپیرانی ئێمە ئەم مەسەلەی فرەزاراوەییەیان نەزانیوە، پێیان وا بووە هەر یەکە لەم زاراوانە زمانێکن، هەر وەک هەورامییەکانیش دەڵێن: زوان هەورامی.
** هەڵبەتە زمانێکی دیکەش هەیە بە ناوی رۆمانشی بەویش دەخوێنن، واتە لە سویسرا چوار زمانی ڕەسمی هەیە.
*** ئەمە هەڵەیە دەبێ بگوترێت سەرۆکێ، چونکە سەرۆکێن واتە سەرۆکەکان.